www.kurdistannet.org
29-1-2003 22:36

# من بازاڕی نانووسم و تەشهیر بەکەس ناکەم

**مەریوان هەڵە بجەیی**

halabjaee@yahoo.com
halabjaee@maktoob.com
halabjaee@ajeeb.com



**لەم ماڵپەڕەدا (کوردستان نێت) لەبەرواری ٢٠٠٣/١/٢٥وە، نووسینێك بەناونیشانی ( (بەڕێز جەلال تاڵەبانی/ ئاخر سلێمانی کەی شیعەنیشین بووە) ) بلاوکراوەتەوە. بەلام ئەوەی جێی سەرنجی من بوو، ئەو نووسینە بەناوی (مەریوان هەڵە بجەیی) دابەزیوە، لەکاتێکدا من (مەریوان هەڵە بجەیی) بێئاگام لەو نووسینە. !! هەر بۆیە حەزم کرد ئەم وەلامەم هەبێت:**

**یەکەم:** **لەو چەند وشەیەدا، کەبەزۆر ڕێزکراون و پێکەوەلکاون و زمانێکی سادەو ساکارانەی وای بەکارهێناوە، لەجیاتی نووسینی نوسەرێك، لەقسەیەکی بازاڕی دەچێت، کۆمەڵێك دەستەواژەو پەرەگرافی وەهای تێدایە، جگە لەدەرپەڕاندنی ڕق و کینەو خەیاڵە خەفەبووەکانی نێوخانەکانی مێشکی، هیچی دیکە نییە. ! ئەمەو جگە لەچەند وڕێنەیەك کەشەرم دەکەم ناوی خۆم لەسەر نووسینێکی لەو شێوەیە ببینم.**
**هەر بۆیە لێرەوە خوێنەران و دۆستانی ئەم ماڵپەڕەو هەموو پەیوەندیدارو ڕای گشتی بەئاگادێنم لەوەی ئەو قسەلۆك و بازاڕییە هی من نییە و کەسێکی دیکە ئەم کارەی ئە نجامداوەو ناوی منی ئیستغلال کردووە بۆ ئەوەی سەرە نجی خوێنەر بۆلای خۆی ڕاکێشێ. ئەگەر چی بەهەر شێوەیەك لەشێوەکان، لەڕووی سۆزو بواری کۆمەلایەتییەوە بەڕێز (مام جەلال تاڵەبانی) م خۆشنەویستووە و لەگەڵ زۆربەی گوتارەکانیدا نیم، بەلام ڕقیشم لێی نییەو هەمیشە ڕێزم بۆی هەبووە و وەك نەریتێکی خۆم بەکەسایەتییەکی دبلۆماسی و ناسراوی گەلەکەمانی دادەنێم و لەڕیزی کەڵەمەردەکانی دیکەی مێژووی خەباتی کوردیم زانیوە. . ! ئەمەش لەترسدا نایڵێم و بۆچوونی خۆمە، یاخود ماستاوچێتی نییە، چونکە چەند جارێك لەنزیکەوە بینیومەو تەنها بۆ جارێکیش بۆ بەرژەوەندی تاکی خۆم قسەم لەگەڵ نەکردووە. هەر لەبەرئەوەشە ئەوەندە (ئەدەب سز) نیم کەهیچ لەگوتاری ئایدۆلۆژی نەزانم و بازاڕیانە شتی لەسەر بنوسم. . ! ئەگەر. نا، ئەوە زۆر بوێرانەو مەعریفانە ڕەخنە و نوسینی مەعریفی و ئەکادیمی لەسەر ئەنووسم و قەڵەمەکەم لەبازنەیەکدا دەسوڕێنم کە سەرەتا ڕێز لەخۆم بگرێت ئینجا مام جەلال، ڕێز لەخۆم بگرێت ئینجا لەمرۆڤ، ڕێز لە پیت و ووشەکان بگرێت ئینجا لەڕستەو پەرەگراف. . !! ئەو کەسەی لەنزیکەوە دەمناسێ و لێم بەئاگایا، ئەو حەقیقەتە باش دەزانێ کەلەبەر ئەم هەڵوێستەو بوێری و ڕاستگۆیی و نەوەستانی قەڵەمەکە لەئاست دیاردە دزێوو گەندەڵییە ئیدارییەکانی حزب و حکومەتی هەرێم (سلێمانی) کەئەمانەش هەر مام جلال دەگرێتەوە، بەلام هەتا ئێستاش کەس پێی نەووتوم بەری چاوت کلی پێوەیە، چونکە بەرهەمەو ڕەخنەو دەخالەت و بەدواداچوون و ململانێکانم لەڕەهەندێکی مەعریفی و ڕێچکە ئەکادیمیەکانەوە بلاودەکەمەوەو تێیدا ڕێز لەبەهاکانی ئینسان دەگرم و زمانی بازاڕی و تەشهیرم نییە.**
**ئەو کەسەی بەناوی منەوە (مەریوان هەڵە بجەیی) جورئەت گرتوویەتی و قسەی بازاڕی نووسیوە (گوایە ڕەخنەی گرتووە) ئەوە من و ئەخلاقی من و قەڵەمی من نییەو ئەگەر کەسێکیش هەبێت و بیەوێت ئەم نازناوە لەمن بسەنێت، ئەوە ڕازی نابم و**

دەبێت بەخۆیداپچێتەوە. . ؟ من (مەریوان هەڵەبجەیی) ئەوە وێنەکەمە کە دەیبینن. نازناوەکەش موڵکی خۆمەو لەساڵی ١٩٨٢ واتە ٢١ ساڵ لەمەو پێش بەکارم هێناوەو بۆ بەڵگەش ڕۆژنامەی هاوکاریو گۆڤاری کاروان هەیەو دەتوانم ئامادەی بکەم. جگە لەوەی کە پێنج کتێبم بەناوی خواستراوەوە بڵاوکردۆتەوە، هەروەها پێنج کتێبیشم بەناوی (مەریوان هەڵەبجەیی) بڵاوکردۆتەوەو هەموو کتێبەکانیش شایستەی خوێندنەوەبوون:

یەکەم: وتووێژ. شیعر. ١٩٩١

دووهەم: نامۆیی. شیعر. ١٩٩٣

سێهەم: هێزەنامۆکان. لێکۆڵینەوەی پاراسایکۆلۆژی. ١٩٩٧.

چوارهەم: حەرامەکان. قەسیدە. ١٩٩٩.

پێنجەهەم: دەروازەکانی ئاین لەنێوان زەوییو ئاسماندا

لێکۆڵینەوە لەسەر زانستی ئاینەکان. ٢٠٠١

وەئەم سێ کتێبەشم ئامادەن بۆ چاپو هەر بەناوی (مەریوان هەڵەبجەیی) ەوە بڵاویان دەکەمەوە.

١. پاراسایکۆلۆژیو میکانیزمی هێزەکان. لێکۆڵینەوەی زانستی.

٢. خورافە لەکۆمەڵگادا. توێژینەوەی کۆمەڵایەتی.

٣. پرۆپاگەندە. لێکۆڵینەوەی ڕاگەیاندن.

جگە لەم کتێبانە نزیکەی چلوسێ لێکۆڵینەوەم لەگۆڤارەکاندا بڵاوکردۆتەوەو خاوەنی سەدان نووسینی ڕۆژنامەو حەفتاوشەش کۆڕی شارو شارۆچکەکانمو ئێستاش بەڕێوەبەری نووسینی ڕۆژنامەیەکم. هەروەها لەدایك بووی ١٩٦٣ی شاری هەڵەبجەی شەهیدم، گەڕەکی کانیعاشقان.

هەربۆیە داوا لەگشت لایەك دەکەم لەهەرشوێنێك، نووسینێك، بەرهەمێکی بڵاوکراوە، کۆڕێك، کتێبێك، ووشەیەك. تاد بڵاوکرابێتەوەو ناوی (مەریوان هەڵەبجەیی) لەسەربوبێتو ئەو بەرهەمە لاوازیو کەم ئەزموونیو بێبەڵگەییو بێمتمانەییو تروسنۆکی پێوەدیاربوو، کاڵوکرچو بازاڕی نووسرابوو، ڕێزی لەمرۆڤ نەگرت، ئەوە نووسینی من نەبووەو ناشبێت، بەتایبەتی ئەو نووسینەی کەلەم ماڵپەڕەدا بڵاوکراوەتەوە. خۆئەگەر بەرهەمەکە ڕاستگۆییو متمانەو جورئەتو ئەزموونی نووسینو ئەکادیمیی پێوەدیاربوو، ڕێزی لەبەهاکانی مرۆڤ گرتبوو، بێئاگاییانەو لەخۆوە نەنووسرابوو، لۆژیکانەو مەعریفیانە پەرەگرافەکانی ڕیزبەندکردبوو، ڕەهەندەکانی سیاسیو کۆمەڵایەتی بەوردی خوێندبۆوە، لەهەرسێ ووتارەکەی جیهان (ئاین، ئایدۆلۆژیا، مەعریفە) بەئاگابوو، ئەوە نووسینی منەو لێی پەشیمان نیم.

دووهەم: ماوەیەکی زۆرە بیستوومە کەسێکی کورتەباڵا (ڕەنگە دیبێتم) (دوو، یان سێ) ساڵێکە خۆی لەقەرەی ئەدەب داوەو بەرهەمەکانی جێی سەرنجی ڕۆشنبیران نینو جگە لەوەی خۆی بەڕۆشنبیراندا هەڵواسیوەو چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ئەنجام دەدات چالاکییەکی ئەوتۆی بەرچاوی نییە، دەچێتە شوێنە تایبەتیو گشتییەکانو نازناوی من بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاردەهێنێو سوودی لێوەردەگرێت، لەم ماڵپەڕەوە ئاگاداری دەکەم ئەگەر واز لەوکارەی نەهێنێو جارێکیدی (لەهەر شوێنێك) نازناوی من بەکاربهێنێو پێیبزانم، ئەوا ڕێی دادگای لێدەگرمو بەبەڵگەوە دووچاری قەرەبووی ماددیو مەعنەوی دەکەم.

**تێبینی کوردستان نێت:**

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت.......... ١٥-١-٢٠٠٣

www.kurdistannet.org